# با ئامریکا ڕێ لە دەربڕینی داگیرکارانەی تورکیا بگرێ!

سیروان کاروانی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دەمانی داگیرکارییەکەیدا خەندەقێکی ملهوڕیی بە لایەکی جیهاندا کێشا و توانیی بە پاشکۆی هێندێک لە وڵاتە زلهێزەکانی ئەوسا کە ئەوانیش بەڕێی خۆیان تورکیایان بەکاردەهێنا، تا ماوەیەک لەو نەخشەیەی سەرکەوتوو بێت و درێژە بە تاوانکارییەکانی بدات. کاتێ مێژوو وەچەرخا و ئەو دەرفەتانەی لە بەردەم ئیمپراتۆریەتی داگیرکاری نەهێشتەوە، تورکیا کەوتە کۆشی وڵاتانی ڕۆژئاواوە و هەموو شوێنەکانی کە لە ئەنجامی خوێنڕشتن و وەدەرنانی مرۆڤەکان لە شوێنی خۆیاندا دەستی بەسەردا گرتبوون، جگە لە خاکی کورد، بەجێهێشت و بە دەرۆزە بژێویی خەڵکەکەی تا ئەمڕۆ هەڵدەسووڕێنێ.

ئاشکرایە کە لەو ماوە دووروودرێژەی تورکیا سەرگەرمی داگیرکاری بوو، خوێنێکی زۆری مرۆڤی ئەو سەردەمەی ڕشت و کۆمەڵێک تاوانکاریی گەورەی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد و لەگەڵ گەلی کورددا ئێستاش بە چاونووقاندنی ڕای گشتی، درێژەی دەداتێ و هەزاران دێهاتی وێران کرد و سەدان هەزار جگەرگۆشەی بێناز کرد و دەیان هەزر دایک و خوشکی ڕەشپۆش کرد و خەڵکی بەلێشاو دەربەدەری شوێنان کرد. لەوکاتەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان پووکایەوە و تورکەکان لە هەموو لایەکەوە پاشەکشەیان کرد. تورکیا تەوری داگیرکارانەی بەسەر خۆیدا شکایەوە و لەوێ بەدواوە، هەر لە دوورەوە خەریکی هەڕەشەوگوڕەشەیە. تورکەکان نەیانوێرا جارێکی تر هێزی چەکداریان بە شێوەی پێشوو بۆ سەرکوتکردنی گەلانی دی بەکاربهێنن، بەڵام تا ئێستاش ڕاگەیاندنی تورکیا و بە تایبەتی جەنەڕاڵەکانی، بە چاوسوورکردنەوە خەریکی داگیرکارین و هێندەی بۆیان لوا نموونەی قوبرس و گەلی کوردیان لەو بۆچوونانەیاندا سەلماند.

تورکیا ئێستاش ناوە ناوە لە گردبوونەوەی جەنەڕاڵەکانیدا بیر لەو جۆرە خەونانە دەکەنەوە و بابەتی کەرکووک و مووسڵ و لەو شێوەیە بە ڤالیۆم بەکار دەهێنن. تورکیا باش دەزانێ کە بەرانبەر هەر شتێکی تر شکستی هێنابێ، بەرانبەر بە سەرکوتکردنی داخوازییەکانی کورد شکستی نەهێناوە و ئێستا و پێشتریش بووە بە گەورەترین کۆسپ لەبەردەم تەنانەت هەر شتێک ناوی کوردی پێوە بێت. هەر لەبەر ئەوەشە هێرشی دەربڕینی داگیرکارانەی بەتایبەتی لەم کاتەدا چڕ کردۆتەوە و بەو شێوازە دیموکراتییەی کە لەناوخۆی وڵاتی خۆیدا لەگەڵ کوردەکاندا پەیڕەوی دەکات، دەیەوێ دەنگی زۆرینەی کوردی کەرکووک کپ بکات و خەندەقێکی تری بەتوروکمانیبوونی کەرکووک بە چواردەوری شارەکە و ویلایەتی مووسڵدا لێبدات. هەر لەم هەنگاوەدا، چۆن بەشێک لە توروکمانەکانی کوردستان لە هۆزەکانی لەک و کەڵوڕ و لەو شێوەیەن، بە توروکمان هێشتۆتەوە، هەر بەو شێوەیەش بۆ بەرگری لە هەموو بەرگێکی کوردبوون، دەیەوێ عارەبە داگیرکارەکانی کەرکووک وەکوو عارەبمان بهێڵێتەوە و لەوێوەش بەسەر لایەنی کورددیدا زاڵ بێت.

ئەو ئاکارانەی کاربەدەستە تورکەکان بەرانبەر بە کورد دەینوێنن و بەو شێوەیە بەبێ ئەرزش تەماشای ئەم گەلە دەکەن، لەگەڵ کام لە بەندەکانی یاسای مرۆڤ لە یەکێتیی ئەوروپا، کە تورکیا دەیەوێ تیایدا ببێت بە ئەندام، یەک دەگرنەوە؟ ئەو ئەوروپایەی ڕێگای دانووسانی بەڕووی تورکیادا کردەوە، ئایا پێشتر کێشەی کوردی لەگەڵ چارەسەر کرد، یان شەڕی لە لایەن تورکیاوە بەرانبەر بە خەڵکی کورد ڕاگرت؟ ئەمانە هەموو بریتین لە تورکیا، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەبەر ئەو هۆیانەی کە: بۆ سەنگیی خۆی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەو دۆستایەتییەی بە حیسابی خۆی بۆ کوردی دەنوێنێ، بۆ ئاڵۆزنەکردنی دۆزی کەرکووک بەهۆی تورکمانەکانەوە، بۆ ڕێزگرتن لە ڕای گشتی، بۆ نەهێشتنی بیری داگیرکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا، دەبێ ڕێگا لەو دەربڕینە داگیرکارییانە و هەڕەشەئامێزانەی تورکیا بگرێ کە زۆر بێباکانە لە کەناڵەکانی خۆیەوە ئاراستەی خەڵکی کوردی دەکات لە کاتێکدا کورد لە هەموو وەختێک زیاتر چاوی لە ڕۆشناییەکە ڕێی ژیانی ڕۆشن بکاتەوە.

2005.02.09